وتار



عبدولڕەحیم سەرەڕۆ

# کێ ئاسودەترە..
# ئەوانەی خەون دەبینن.. یان شیعر دەنووسن؟




**ئەو ماچەی کە لە شیـعردا هەستی پێ دەکەم**

**شیرینترە لەوەی کـە لە واقیعدا دەخوازرێت**

خەون شەپۆلێکی رۆحییە لە نێوان خودی مرۆڤ و زەمەنەکاندا مرۆڤ لە رێگەی خەونە بێدارییەوە دەگاتە ئاستە بەرزەکانی ژیان، هەر لەخەونیشەوە هەموو سۆزە بارگاوییە سەختەکانی ژیان دەکاتە دەروازەیەک بەرەو گوزەرانێکی کارامەتر و پاکتر. بەڵام شیعر هیچ کاتێک زادەی زەمەنێکی دیاریکراو نەبووە، تا ئێستاش نەزانراوە بۆ یەکەمجار وشە چۆن و لەلای کێ گڵپەی سەندووە و بۆ ئەم پۆشاکە سیحراوییەی بەبەرا براوە؟ کە لە بۆشاییەوە دروست نەبووە، سەرچاوەی وروژاندن و هاندانی چی بوون؟ ئەی شیعر بۆچی هاوباری خەون بووەتە شەپۆلێکی رۆحی لە نێوان کەسەکان و نەوەکاندا، بۆ ئەو شیعرەی باباتاهیری هەمەدانی کە بە دە سەدە بەر لە ئێستا نووسیونی، ئەمرۆ دەروونی نوستووم بەرەو پرشنگێکی سەیر رادەچڵەکێنێ، سەرەداوی ئەم نهێنیانە دەکەونە کام گۆشەی نەدۆزراوی ویژدانەوە؟ شیعر پێداویستییەکی سەیرە و پرۆسەیەکی نامۆ بەرۆحی مرۆڤ، خۆ ئەگەرچی چاوگی سەرهەڵدانیشی هەر لە رۆحەوە رچە دەگرێت، بەڵام شارەزا بەهەموو پەنهانییەکانی دەروونی پڕ لە داوە تەنراوەکانی ئەزموونی زەمەنێکی لە بن نەهاتوو.

ئەوە قەسیدە نییە کە چێ دەکرێ و دەخرێتە سەر خوان و لەگەڵ بەسەرچوونی سەردەمەکەدا دەبێتە بەرماوە، ئەوە شیعر نییە لەپاش هەزم کردن دەبێتە پاشەڕۆ و مایەی قێز، شیعر ئەوەیە کە هەر نەوەیەک و کەڵەکە بەردێک لە بنی قووڵترین و ترسناکترین دەریاوە بەرد بەبەردی بکێشنەوە سەر ساختومانی بڵندی زمان و کولتوور و هەست و رۆح و ویژدان، بەو مەرجەی بوونە ئینسانییەکەی خۆی لە دەست نەدات بەڵکو بەپێچەوانەوە وێڕای یاخیبوونیش پارێزگاری لە کایە رۆحیەکان بکات و کار بۆ وروژاندنیان بکات.

لە فەزای لە ئەندازە بەدەری بەربڵاوی شیعردا (تابوشت) رۆڵێکی باڵا دەبینێ لە چۆنیەتی رەنگدانەوەی وشە بەسەر ژێیە هەستیارەکانی بوون و ویژداندا، ئاوێتەکردنی مرۆڤ بە ژینگە و دەوروبەر و نەریت و کولتوور و هەموو ئەو بنەواشانەی کە هەندێک جار تا رادەی خنکاندن ئابلوقەی دەدەن و جاری واشە لە هەموو تیانەکانی خود و زەمەن و مێژووی وەدەرنێن و لە ناسنامەی یاخیبوون

بترازێت چیتری پێ ڕەوا نابینرێ.
ئەو ماچەی کە لە شیعردا هەستی پێ دەکەم، بۆ شیرینترە لەوەی کە لە واقیعدا دەخوازرێت ؟ ئەو بادە تاڵەی کە ژەهر ئاسایە لە حەقیقەتدا، شیعر بەچی دەیکات بەهەنگوین ؟
ژن ئەو گیانلەبەرە نەرم و نیانەی وەک هەر زیندەوەرێکی تر گەر بمرێت و نەنێژرێت.. تا ئاستی لێ ڕەوینەوە بۆگەن دەکات، ئەی شیعر بەکام کەرەستە دەیگەیەنێتە ریزی پەریزادەکان و دەیخاتە ناو بۆتەی فریشتە پاکەکانی خوداوە و نەمری پێ دەبەخشێت ؟
مەرگ.. ئەو مۆتەکە ترسناکەی کە هەمیشە ڕۆحمان گەمارۆ دەدات و لە جیهانی فەنابوون بە ئاگامان دەهێنێتەوە.. شیعر بە چ ئاکارێکی دەبات و دەیکات بە مەملەکەتێکی سەرمەدی پڕ لە نووری جاویدانی. ئەمە کام ڕوئیایە کە دەگاتە دەرخستنی نهێنیەکان و بە ژێر دەهلیزە بەفرینەکانی ڕۆحێکی تەلیسماویدا بەرەو مەبەستێکی تر گوزەرمان پێ دەکات؟
ئەم کۆچە ڕۆحییەی فەرسەخ بەفەرسەخ بەرەو ڕووناکی هەنگاو دەنێت، دەبێت لە ئاکامدا بکەوێتە بەر کام سەرچاوەی پڕ لە نیهاد!؟
دەبێت ئەم ئاوێتەبوون و لێکداشکانەی ویژدان و وشە لە چ زەمەنێکدا بگاتە دۆخی یەکانگیری و ساردبوونەوە و دەقبەستن.. "سۆز و ئەندێشە" ئەو دوو ئەسپە سەرکەشەی کە هۆراس بەدەیان سەدە بەر لە ئێستا گوزارشتی لێ کردوون.. ئاخۆ لە کەناری کام چەرخ و سەردەمێکدا ماندوو دەبن یان لێک هەڵدەوەشێنەوە تا ئاستی بوونە هەلاو و فەنابوون !
ئەوانەی کە خەون دەبینن بێ ویستی خۆیان دەگەنە ئەو جیهانەی کە دەیبینن و هەرچەندە چێژی لێ وەرگرن لە ئاکامدا لە بیری دەکەنەوە، بەڵام شاعیر لە کاتی نووسیندا خەون بەو جیهانەوە دەبینێت کە هەست دەکات دەبێت بەمتمانەوە هەنگاو بنێت و سەر بە هەموو ڕاڤەکارییەکاندا بکات. باڵ دەگرێت و لەسەر کۆنترین قوولەکانی مێژووەوە دەڕوانێتە ڕۆژگارەکانی مرۆڤایەتی تا ئەمڕۆ. غەوس دەکات و لەگەڵ ڕۆحە مرواری ئاساکاندا دەکەوێتە مەلەی ئافرووەدی، وەرزێکی

نیانتر دەخاتە پاڵ وەرزە نەمرەکانی سروشت و ژیانەوە، نوسخە گڵپەدارەکانی عیشق دەدۆزێتەوە و لە کووفەی خەیاڵێکی مەستدا دەیکات بەچرا، لە غەدرەکان تابلۆیەکی ئەبەدی و لە دڵۆپە خوێنەکان ملوانکەیەکی عەقیق و لە زریکە بێسەداکانی رۆحی ناشز بە گومرابوون نافوورەیەکی حەوت رەنگ و.. هەموو ئەمانە لە دەسپێکی چێژەوە سەرچاوە دەگرن، ئەوە شاعیرە کە دەڵێت خەوبینین پرۆسەیەکە لە نقومبوون و سەرهەڵدانەوەی بەردەوام. ویستی ژیانە بۆ پشکنین بەدوای کەرەستەکان و یاخیبوونیەتی لە پێناو داهێنان و نوێگەری و دابینکردنی رویئیایەکی تر، شاعیر ئەو مرۆڤە راستەقینەیەیە کە توانای خۆی بەسەر خەونەکاندا بردەکات لە ئاکامدا ئاسۆیەک جێ دەهێڵێت پڕ لەنیهانیەکانی جوانی و سرۆش و چوونە ناو بیناکارییەکانی جیهان بەهەژموونێکی دەروونی نوێوە. ئەو جیهانەی چێژ لە پەستانە دەروونییە هەمیشە کاراکان وەردەگرێت تا خەونە هەڕەمەکی و سادەکان بگۆڕێتەوە بەهێمای دروست و ئەندێشەی پاک و رەوان، برینەکان لە جێی خوێن بۆن و موشکیان لێ بچۆڕێت، تا جەستە و رۆح لە هەڵقولانێکی هەمیشەییدا یەکانگیربن و لە فەزای ئیقاعە سروشتیەکاندا سەمای ئەبەدی بێ هاوتا بکەن. بەو شێوەیە خوێن لەناو جەستەدا هەست بەپیرۆزی دەمارە هەستیارەکانی ناو جەستە دەکات و بەسوجدە بردنەوە دەگاتە ئەو تەلیسمە رۆحیانەی کە زەمەن لەژێر ترپە نیهانییەکاندا کەڵەکی کردوون.

ئەوەیە هەڵکشانی رۆح.. کە شاعیر دوو پەنجە بەسەر ئازارەکانەوە بەرز دەکاتەوە، لە جێی سرینەوەی فرمێسک خەمەکانی لە ریشە و بێخەوە هەڵدەکێشێت و تۆوی شیعری لە شوێندا دەچێنێت.

شیعر گوزارشت کردن نییە لە ناوەوەی مرۆڤ، هێندەی پەرچەکردارێکی بەکاوەخۆیە تا ئاستی متبوون، چونکە هیچ شتێک لە ناوەوە هەڵناقوڵێت ئەگەر پەستانێکی بەهێزی سروشتی بەسەر رۆحەوە نەبێت، بەڵام ئەوەندە هەیە شاعیر کارامانە ئەو هەڵقولانە دەباتە ریزەکانی داهێنان و دروستکردنەوە. شاعیر کامێرامان نییە وێنەیەکی رووتی سروشت بگوازێتەوە سەر تابلۆیەکی سادە، بەڵکو لە پاڵ وێنەیەکی زیندووەوە هەموو دۆخە دەروونییەکانیش وێنا دەکات کە بەکەسانی ئاسایی ئاکتیف ناکرێن، رەنگە هەر کەسێکی ئاسایی بتوانێت بەشێوەیەکی کاتی گوزارشت لە ئازارەکانی خۆی بکات، بەڵام بەتەنها شاعیرە کە

هەمیشە له ناو ئازاره بابەتییەکاندا دەتوێتەوه و دەتوانێ بەردەوامی بەو دۆخە نائاساییيه بدا، هەر شاعیره که دەبێت وێناکارییەکانی بەشێوەیەکی رووت و یەک رەهەند نەبێت، هەر ئەو دەزانێت چۆن کار بەپرۆگرامەکانی رۆح بکات و له رێکخستن و فۆرماتکردنیاندا ماف بەهاوسەنگیەکان بدات و هەموو ئەو گەڕەلاوژێ دەروونییانه بگۆڕێتەوه بەبۆچوونه سەرمەدییەکانی رۆح.

لێرەدا شاعیر خاوەن توانایەکی ئینسانییه بەسەر قەیرانه موتربەکراوەکانی بووندا و باڵی بەسەر زیندەخەونەکاندا دەکێشێت و دەچێته ناو هەموو بواره خەملێنەرەییەکانی ژیانەوه، لێرەوه شاعیر فەلسەفه دەکات و فەیلەسوف نییه، له ورد و درشتی کۆمەڵگه دەکۆڵێتەوه و کۆمەڵناس نییه، پەنجه دەخاته سەر دەرده ناهەموارەکان و پزیشک نییه. له رێی ئەم توانا پڕ خەونانەوه بۆمان دەردەکەوێت که شاعیر پەیامنێری خەونه راستییەکانه، که دەتوانێت گوزارشتیان لێ بکات و خۆی لەو کۆتانه دەرباز بکات که گەمارۆی داون و هێزێک له ناوەوه پاڵی پێوه دەنێت بۆ رزگاربوون له هەموو ئەو کۆت و بەندانەی که هەر له واقیعێکی تاڵدا دەبینرێن. ئەو هەموو هێمایانه دەمانبەنه ناو جیهانێکی سەیرەوه، ئەویش جیهانی ئازادییه دەروونییەکانه.. که ئادەمیزاد له رێگەیەوه دەگاته ئارامییەکان و دروێنەی ئەو جوانییانه دەکات که له دۆخی سەرشێتیدا سەری پێ قاڵ کردبوون.

شیعر دۆنادۆنبوونی جوانییەکانی رۆحه له بۆتەی قەسیده نەمرەکاندا، گێڕانەوەی زەمەنه پێچراوەکانی سەردەمی کلۆڵییه بۆ ئەو دەسته ئازادانەی دەگەنه فەزا و تامی تەواوی گێلاس نازانن، شیعر مرۆڤ فێر دەکات چۆن رێز له هەناسه ئاگرینەکانی خۆی بگرێت، چۆن تووتییەک بکات بەپۆستەی نێوان عاشقێکی مردووی بەرۆح ئازاد و مەعشووقەیەکی زیندووی بەرۆح ئەسیری کۆت و بەندەکانی ئەو رەشبگیرییانەی که مرۆڤی ئاسایی ناگاته ئەو دورگانەی که شاعیران نامەی کۆچێکی ئەبەدی تیا جێ دەهێڵن.

لێرەوه ئێمه لەگەڵ تەواوی وتەکەی هینری میشۆ یەکدەگرینەوه که دەڵێت " رەنگه نووسین لەلای مندا له جیاتی خەونبینین بێت لەگەڵ ئەوەش من نازانم بۆ بەردەوام دەبم له نووسیندا رەنگه من شایانی خەونه نائاگاییەکان نەبم.. بۆیه لەکاتی ئاگاییدا پەلکێشم دەکەنه ناو خۆیانەوه و بەر له نوستن رۆحم داگیر دەکەن.